قـــۆڕی ـ فــتــق

HERNIA

دکتور عبدالرحمن عبدالله

قۆڕی لە کوردەواری‌دا بۆ شتی ناقۆلاو ناڕێکوپێك وەیا بۆ پڕوپوچ بەکار دەهێنرێت وەکو دەڵێن قسـەی قۆڕ، یاکـردەوەی قۆڕ، لەلایێکی تـرەوە لە پزیشکـایەتی‌دا بۆ ئەو دەردە بەکار دەهێندرێت کە پارچـەیـێـك لە هەنـاو، لە درزێکـەوە، یا لە دراوی‌یـەکەوە، یا لە یەکێ لەو کونانەی لە لەش دا هەن بێتەدەرێ‌و دەرپۆقیت وەکو قۆڕی‌گون، یا قوری ناوك، یا قۆڕی پەناران. . . . هتد.

قۆڕی لە سێ چین پێك دیت!

١ ـ تورەکە THE SAC

٢ ـ داپۆشەر یا کیف COVERiNCS

٣ ـ ناوەرۆکی تورەکە THE CONTENTS

تورەکـە بریتی‌یـە لە پـیـریـتـونیـوم[1] کە ئەوپارچـە هەناوەی لەنـاودایـە، لەسـەرەوە (لـە ملەکـەیـەوە) تەنگـە، هەتـا زیاتر شۆڕبێتە وە گەورەترو دەڵپ تر دەبێت.

داپـۆشـەر، یا کیفی ئەم تورەکـەیـە بریتی‌یـە لە چینـەکانی دیواری زگ کە ئەو قۆڕی‌یە پێی‌دا تێپەڕ دەکات، ئەمەش بەپێی جێگەی قۆڕی‌یەکە دەگۆڕرێت.

ناوەرۆکی توورەکـەکـەش بریتی‌یـە لە پارچـەیێك هەناوی ناوزگ، ئەمەش بەپێی جێگەی قۆڕی‌یەکە دەگۆڕرێت، بەڵام بە زۆری بریتی‌یــە لە پێچێکی ڕێخـۆڵــە، یا پارچـەیـێـك لە ئومێنتەمی گەورە[2] CREAT OMENTUM

هۆی قۆڕبوون زۆرە، لەوانە بێ‌هێزیی دیواری زگە کە هەر لە سەرەتـای ژیانەوە ناقۆلایی‌یێك لە چینەکانی دیواری زگ دا هەبێت وەکـو لە ئەشکـەنـج ناوك وپەناران دا، یا دیواری زگ بێ‌هێز بووبێت لە ئەنجامی گۆشت پارەیەك دا CiCATRiX کە لە نەشتـەرسـازی‌یـەوە یا زەبرێکەوە دروست بووبێت، ئەوجا کە بەم هۆیـانـەوە، یا بە هۆی شتی‌تـرەوە جێ‌یێك لە دیواری زگ بێ‌هێـز بوو، ئیتـر بە هۆی پـتـربـوونی تەوژمی ناوزگـەوە لە ئەنـجـامـی کۆکـەیـێـکـی تونـدوقـایـم، یا شتـی قورس

هەڵ گرتن . . . هتـد ، ئەو گۆشت پارەیـە ، یا ئەو ماسـولکـە بێ هێـزانـە هێـدی‌هێدی دەکشێن هەتا لێك جیا دەبنەوە ئەوسا پـیریتـونیـوم لەو درزەوە یا لەو کونـەوە دێتـە دەرێ و تورەکـەیێك دروست دەکات ، کە پارچەیێك هەناوی دێتەناو.

هەنـدێ جار لە کۆرپـەدا تورەکـەیێکی زگمـاك دروست دەبێت نەختێك پیریتۆنیوم لە ملەکەیدا هەیەو بەتەواوی دەرنـەپـۆقیـوەو نەچـۆتە ناوگونەوە ، ئەم جۆرە قۆری‌یە ئەگەر کونەکەی بە هۆی پشتێنەوە یا شتێکی ترەوە بگیرێت بەتەواوی چاك دەبێتـەوە ، ئەم جۆرە قۆری‌یـە زگمـاکـە هەندێ جار هەتا منداڵەکە گەورە دەبێت دەرناکەوێ .

لەپـاشی تەمـەنی هەرزەکـاریش کە ماسـولکـەکـانی زگ بەرەبـەرە دەکـەونە بێ‌هێزی‌و تەوژمی ناوزگ بەهۆی پتربوونی بەزی ناوزگەوە زیاد دەکات ، قۆربوون ئاسان تر پەیدا دەبێ .

چوار جۆر قۆری هەیە !

١ ـ دەگەرێتەوە ناوەوە . REDUCIBLE HERNIA

٢ ـ ناگەرێتەوە ناوەوە . IRREDUCIBLE HERNIA

٣ ـ بەرگیراو OBSTRUCTED OR INCARCERATED

٤ ـ خنکاو . STRANGULATED

ئەو قۆری‌یـەی دەگـەرێتـەوە ناوەوە REDUCIBLE ئەوەیـە ناوەرۆکی کیسـەی قۆری‌یـەکـە بە ئاسـانی دەچێتەوە ناوزگ ، گەرانـە ناوەوە کاتێـك دەبێت نەخـۆشـەکـە پاڵ کەوێت ، یا بەدەستکاری نەخۆشەکە خۆی بەدەستی خۆی یا دوکتورەکە دەی‌گێرنەناوەوە .

نەخـۆشـەکـە رادەکشێت ، خۆی شل دەکـات ، خۆی یا دوکتـورێـك بە دەستێـك ملی قۆری‌یـەکـە دەگـرێت ، بەدەستـەکـەی‌تری بە هێواش دەست دەهێنێت بە قۆری‌یەکەدا هەتـا ناوەرۆکـەکـەی دەگـەرێتـەوە ناوزگ ، نابێ بە تونـدی دەستکـاری بکـرێت ، ئەگـەر هاتـوو نەگـەرایەوە دەبێت وازی لێ بهێنـرێت و زۆری لێ نـەکـرێت ، کە قۆری‌یـەکـە گەرایەوە ناوزگ بۆ ئەوەی دڵنیـابیت پەنجـەیێـك دەکـەیت بەو کونـەدا قۆری‌یەکەی لێ دێتەدەری .

ئەگەر قۆری‌یەکە ریخۆڵە بێت هاتبێتە خوارێ ، کە گەرایەوە ناوزگ قۆرەیێکی لێ دێت ، ئەگەر ئۆمنیتوم بێت OMENTUM ئەو قۆرەیەی نایەت .

لە گەلێـك قۆری‌دا هەر دوو ئۆمێنتـوم و ریخـۆڵـەش دێنەناو تورەکـەکـەوە . . زۆر قۆر هەن ئەوەنـدە بێ ئێش و ئازارن لەبیـریان‌دەچێتەوە کە قۆرن ، لە لایێکی ترەوەی هەندێ لاوی بە هێزو توانا هەن لە جێ قۆری‌یەکەدا هەست بە ژان دەکەن پێش ئەوەی هیـچ ئاوسـانێـك دەرکـەوتبێت ، ئەمـانـە دەبێت نەهێڵرێ ئیش قورس ، یا وەرزش بکەن .

قۆری ئەگـەر چار نەکرێت (بە نەشتەرسازی) لەوانەیە گەورەتر بێت و رەنگە توشی خنکان بێت .

ئەو قۆری‌یـەی ناگـەرێتـەوە ناوەوە IRREDUCIBLE HERNIA بریتـی‌یـە لەو جۆرەی ناوەرۆکی تورەکـەکـەی بەتـەواوی ناگـەرێتـەوە ناوزگ . هۆی زۆری ئەمـەش ئەوەیـە ناوەرۆکی تورەکەکە بە تورەکەکەوە دەنوسێت ، جاری واش لەبەر ئەوەیە بارستـی ئۆمێنتـوم بەزی لەسـەر دەنیشێت و گەورە دەبێت ، هی‌واش هەیـە قۆری‌یـەکـە ئەوەنـدە گەورە دەبێت ناتـوانرێت بەتـەواوی بگـەرێنرێتەوە چونکە لەناوزگ دا جێگەی نابێتەوە .

جگـە لە نیشـانەکانی تری قۆری نەخۆشەکە هەندێ جار توش ژانـەزگ ، یا پێـچ بەزگ دا هاتن دەبێت وە توش تێـك چوونی هەزمیش دەبێت جگە لە هەستی قورسایی پێ‌کردن .

ئەم جۆرە قۆری‌یـە هەمیشـە جێ تەهلوکـەیـە ، چونکـە لەوانـەیـە هەر بەرەو گەورەبـوون بروات و لە ئەنجـام دا توشی خنکان بێت .

چاری ئەم قۆری‌یـەش هەر بە نەشتـەرسـازی دەکـرێت ، ناوەرۆکی قۆرەیـەکـە بگـەرێنـرێتـەوە ناوزگ ، ملی تورەکـەکە بەسترێت و کونەکەی کوێر بکرێتەوە .

قۆری بەرگـیـراو OBSTRUCTED OR INCARCERATED بە زۆری لەو ژنـە قەڵـەوانەدا روودەدا کە توشی قۆری ناوك دەبن

ئەو جۆرەی ناگەڕێتەوە ناوزگ، لەو بابەتە ژنانەدا کە هەمیشە ڕیخۆڵەکانیان پردەکەن و خواردەمەنی تێ دەچەسپێنن: ئەو پێچە ڕیخۆڵەیەی هاتوتە ناو کیسەی قۆڕی‌یەکە ئەوەندە پڕ دەبێت دەئاوسێت، پیسایی بە زەحمەت پێی‌دا تێپەڕ ئەکات، ئازاری دەبیت، توند دەبێت، نەخۆشەکە توشی پێچی زگ دەبێت و دەرشێتەوە.

ئەم جۆرە قۆڕی‌یە بە ئاسانی دەکاتە ئەوەی بخنکێت.

چاری ئەوەیە بە زووترین کات نەشتەرسازی بۆ بکرێت.

قۆڕی خنکاو STRANGULATED HERNiA

قۆڕی خنکاو جگە لە ڕێگەگرتنی پیسایی لەو پارچە ڕیخۆڵەیەدا لەناو تورەکەی قۆڕیەکەدایە، سورانەوەی خوێنیش لەناو کیسەکەدا بەربەست دەکات بە جۆرێك ژیانی ئەو کەسە دەکەوێتە تەهلوکەوە. خنکانی قۆڕی لەوانەیە لە هەموو کاتێك دا پەیدا بێ هەر لە سەرەتای ئەوەوە کە ڕیخۆڵە دەردەپوقێتە تورەکەکەوە، بەڵام لە قۆڕی گەورەدا کەمترە چونکە ئەو ئەلقەیەی RiNG کیسەکەی لێ دەچێتە دەری فراوانترە وەك لە قۆڕی پچوك دا. خنکانی قۆڕی کاتێك دەبێت کە ئەو ڕیخۆڵە، یا ئومینتومەی چوتەناو تورەکەی قۆڕی‌یەکەوە گەورەتر بێت لە ملی تورەکەکە، بە جۆرێك ملی تورەکەکە ئەو ناوەرۆکە دەگوشێت و وای ـ لێ دەکات پیسایی بە ئاسانی پێدا نەڕوات و خوێنیش بە باشی پێدا نەسوڕێتەوە یاخود بەتەواوی بەریان گیرابێت. ئەم خنکانە هەندێ جار لەوەوە پەیدادەبێت نەخۆشەکە لەپڕ ئیشێکی قورس بکات لە ئەنجام دا پێچێکی‌تری ڕیخۆڵە یا پارچەیێك ئومینتومی‌تر بچێتە تورەکەکەوە، ئەنجامی ئەمەش بەندە بە تەسکی، یا فراوانی ملی کیسەکەو درێژەکێشانی، ئەگەر ملی کیسەکە تەنگ بێت ئەوا ناوەرۆکەکەی دەگوشێت و دەبێتە هۆی کەم خوێنی، ئەوسا میکرۆبیش دەکەونە چالاکی و پەلاماری ئەو پارچە کەم خوێنە دەدەن و دەبنە هۆی سوتانەوەی.

لەپێشا شینەخوێن لەناوەرۆکی کیسەکەدا پەنگ دەخواتەوەو ڕیخۆڵەکە شین هەڵ دەگەڕێت و دەئاوسێت و ڕەق دەبێت، بەرەبەرە ڕەنگەکەی لە شین باوەوە دەگۆڕڕێتە سەر ڕەشی، ڕێخۆڵە خنکاوەکە پڕ دەبێت لە باوبژەو دەکشێت و ئەستور دەبێ‌و هەموو قۆڕی‌یەکە خوێنی تێ‌دەزێت.

پاشی ئەوەی باکتریا کەوتە چالاکی ڕیخۆڵەکە نیشانەی سوتانەوە یا گانگرین (لارەشە) یا هەردووکیانی پێکەوە لێ دەردەکەوێت.

ئەو گۆڕینەی لەسەرو پێچی ڕیخۆڵەی ناو قۆڕی‌یەکەو لە خوارووی‌دا پەیدا دەبێت لەو گۆڕینانە دەچێت لە ڕیخۆڵە گیرانەوە (بەربەست) OBSTRUCTiON پەیدا دەبێت، ئەمانەش بریتین لەوەی ئەو بەشەی کەوتوتەخوار قۆڕی‌یەکە بۆش دەبێت و دێتەوەیەك، ئەو بەشە ڕێخۆڵەیەشی لەسەرو قۆڕیەکەوەیە دەئاوسێت و پڕ دەبێت لەباوبژە، خوێن دەپژێتە دیوارەکەیەوە، باکتریا دەست دەکاتە هەڵوەشانی ئەو شتانەی لەناو یایەتی (خواردەمەنی هەزم کراو)، لە ئەنجام دا ژەهر دروست دەبێت، ژەهرەکەش دەمژرێتە ناو خوێنەوە دەبێتە هۆی نیشانەی ژەهراوی بوون..

بە زۆری ئەوانەی توش خنکانی قۆڕی دەبن ئەگەر بەگورجی چارنەکرێن، لە ئەنجامی مژینی ئەو ژەهرانەوە دەمرن.

نیشانەکانی خنکانی قۆڕی بەتەواوی لە نیشانەکانی بەربەست بوونی ڕێخۆڵە ئەچن iNTESTiNAL OBSTRUCTiON ، ئەم نیشانانە بەپێی ئەوەی ڕێخۆڵە چوتە ناو قۆڕی‌یەکەوە یا ئومینتوم دەگۆڕڕێن، نەخۆشەکە هەست بە هەندێ گۆڕین دەکات لە قۆڕیەکەی‌دا وەکو ئەگەر لە پڕ ئیشێکی قورسی کرد هەست دەکات قۆڕی‌یەکەی گەورەتر دەبێت. خستنەوە ناوەوەی یا زەحمەت تر دەبێت، یا هەر ناگەڕێتەوە ناوزگ: قۆڕیەکە توندترو ڕەق تر دەبێ، ئازار پەیدا دەکات، لەگەڵ ئەمانەش دا ژانەزگ پەیدا دەبێ، ئەم ژانە بەرەو ناوك دەڕوات، لە هەندێ خنکانا ئەم ئازارە یەکەم نیشانەیە، ئازارەکە زۆر تیژە، پێچ بەزگ دا دێت بە

جورێك نەخۆشەكە وەها لێ دەكات بچەمێتەوە، یا دانیشێت و ئەژنۆكانی بخاتەژێر چەناگەیەوە، عەرەق كردنەوە، موچوركی ساردی، دڵ تێكەلهاتن لەگەڵ رشانەوە دەست پێ دەكەن.

ئازار وەستان نیشانەی ئەوەیە گانگرین دەستی پێ كردوە. رشانەوە یەكێكە لەو نیشانانەی درێژە دەكێشێت، لەپێشا رشانەوەكە ئەو خواردەمەنی یەیە لە گەدەدا هێشتا هەزم نەبووە، لەپاشا ئەو شتانەی لە سەرەتای ریخۆڵە باریكەدایە وەكو زەرداو BiLE پاش ئەوە ئەو پیسایی یەی لە ریخۆڵەباریكەدا، سەرو ئەو پێچەی لە تورەكەی قۆریەكەدا خنكاوە.

خنكان هەتا دوورتر لە بەشی سەرەوەی ریخۆڵە باریكەدا بێت رشانەوە زورترو قورستر دەبێ، هەتا زیاتر لە خوارەوە بێ وەكو نزیكی ریخۆڵە ئەستورە، یا ریخۆڵە ئەستورە خۆی، رشانەوە درەنگترو كەمتر دەبێ، رشانەوەكەش بێ هێڵنج و بێ تین دانەخۆ دەبێت. لە خوار پێچەخنكاوەكەوە هیچ نایەتە دەرێ هەر چەند بە دەستور نەختێ پیسایی دێتەدەرێ. خنكانی رێخۆڵە هەتا لە خوارترەوە بێ (خواروی ریخۆڵە) زگ پتر دەئاوسێت و ژانی دەبێت.

گەرمی لەش كەم دەكات، پرتەی دڵ PULSE پچوك و خێرا دەبێ، رەنگە نەخۆشەكە زەرد هەڵ گەرێت، تینوێتی، زمان بەلغ دەگرێت و وشك دەبێ، میز كەم دەبێت و رەنگی تیر دەبێت و ئەلبۆمینی تێدا دەبێت.

خنكانی ئومینتوم بە تەنیا هەمان نیشانەی دەبێت وەكو خنكانی ریخۆڵە بەلام وەكو ئەو كوشندە نی یە.

جێگەكانی قۆری لە لەش دا

قۆری ئەشكنج iNGUiNAL HERNiA

لە هەر دولای خواروی زگ لە هەر لایێك ئەلقەیێك لەناو ماسولكەو پێ بەندو پێ بەستەرەكان دا دروست بوە پێ دەڵێن ئەلقەی ناوەوەی زگ iNTERAL ABDOMiNAL RiNG كە ٥و١سم سەروی ناوەڕاستی پێ بەستی ئەشكنج دەكەوێت iNGUiNAL LiGAMENT لێرەوە كەنالیك CANAL (بوریە) هەیە iNG'liNAL CANAL نزیكەی چوار سم درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە ئەلقەیێكی تر لە دەری ئەو ماسولكانەی زگ دا پێی دەڵێن ئەلقەی دەرەوەی زگ EXTERNA ABDOMiNAL RiMG ئە قەناله بە خوارەیەكی كەم بۆ پێشەوەو بەرەوخوار دەروات هەتا دەگاتە هێڵی ناوەراست MiDDLE LiNE لەبەر ئەوەی بە خواری دەروات پێی دەڵێن بۆریەی خوار OBLiQUE CANAL و بە قۆرییەكەش دەڵێن قۆری خواری ئەشكنج OBLiQUE iNGUiAL HERNiA ئەم جۆرە قۆرییە لە هەموو قۆرییەكانی تر بە ناوبانگترو ناسراوترە، لە هەموو جۆرەكانی تر پتر پەیدا دەبێت (لە ولاتی خۆمان هەر ئەم جۆرە بە قۆری دەزانن)، قۆری لەناو زگەوە بە ئەلقەی ناوەوەدا دێتە ناو قەنالەوە، هەمو قەنالەكە دەبریت و لە ئەلقەی دەرەوەدا سەر دەردەهێنێ، ئەگەر هاتو لە ئەلقەی دەرەوەدا تەواو تێپەر بوو هاتە ناو گونەوە پێی دەڵێن قۆری گون SCROTAL HERNiA لە ئافرەت دا دێتەخواری بۆ ناو لوێچی زێ پێی دەڵێن قۆری لوێچی زێ LABiAL HERNiA. لە نێرینەدا تورەكەی قۆری لە ئەلقەی دەرەوە كە تێپەری كرد دێتە خوارەوە بۆ ناوگون.

لەسەرەتادا كە هێشتا هەر لە قەنالەكەدایە نەختێك هەڵ دەتوقێت و لە كاتی كۆكین دا ئیتر گەورە دەبێت، ملی تورەكەكە، یا سەرە تەنگەكەی لە قەناڵ دایە، ئەوی تری لەناو گون دا، یا لە سەرو هێلكەی گونەوە یا لە پێشەوەی دا دەبێت.

قۆری ئەشكنج كە درێژەی كێشاو كۆن بوو ئیتر ئەلقەی ناوەوەوئەلقەی دەرەوە تەواو نزیك یەك دەبنەوە، تا وایان لێ دێت بەرامبەر یەك دەبن لە ئەنجام دا قەنالەكە تەواو كورت دەبێتەوە.

لە قۆری زۆر گەورەدا قەنالەكە بە چەشنێك فراوان دەبێت لەوانەیە ئەگەر پەنجە بخرێتە ناو ئەلقەی دەرەوە هەتا ئەلقەی ناوەوە بە قەنالەكەدا بروات.

لە ئافرەت دا ئەم قۆرییە دەچێتە لوێچی زێیەوە LABiA

قۆڕیی زگماك CONGENTAL HERNiA

لە کاتی گەورە بوونی ئاولەمەدا FAETUS هێلکەی گون لەناو زگەوە بەرەوخوار دەبێتەوە بۆ ناو گون، ئەم هێلکەیە چمکێکی پیریتونیوم لەگەڵ خۆیدا رادەکێشێت کە پێی دەڵێن PROCESSUS VAGiNALiS بەشی خوارووی ئەم چمکە پیریتونیوم دەبێتە TUNiC VAGiNALiS بەشی سەرووی کوێر دەبێتەوە لە پێش، یا لەدوای لەدایك بوون، ئەم تونیکا ڤاجینالیسە تورەکەیێك دروست دەکات کە رەنگە لەناو زگەوە ریخۆڵە یا ئومینتوم، یا هەردوکیان بێنە ناویەوەو قۆڕی پەیدابکەن، لەناو تورەکەکەدا ناوەرۆکەکەی بە هێلکەی گونەوە دەنووسێت، یا دەوری دەگرێت، ئەم قۆڕی زگماکە بە زۆری لەلای راست دا دەبێت چونکە هێلکەی لای راست درەنگتر دێتە خواری بۆ ناو گون.

بوونی ئەم تورەکە زگماکە هاتنە خوارەوەی ناوەرۆکی قۆڕییەکە زۆر ئاسان دەکات، وە قۆڕییەکە لەپڕ دەر دەکەوێت بۆیە پێی دەڵێن قۆڕی زگماك.

لەبەر ئەوە ئەم ناوەی لێنەنراوە چونکە قۆڕییەکە لە کاتی لەدایك بوون دا دەردەکەوێت، ئەم ناوەی لێنراوە تەنیا لە بەربوونی ئەو تورەکەیەیە هاتنە خوارەوەی ناوەرۆکی قۆڕییەکە ئاسان دەکات.

قۆڕیو هێلکەی گون قەتیس بوون لە ناو زگ دا.

HERNiA WiTH RETENTiON OF THE TESTiS

ئەم جۆرە قۆڕییە لەگەڵ نەهاتنە خوارەوەی هێلکەی گون کارێکی دەگمەن نییە بەتایبەتی لە منداڵان دا، هێلکەی گون هەندێ جار لەناو زگ دا قەتیس دەبێت، یا بە زۆری لە قەناڵی ئەشکنج دا دەمێنێتەوە، ئەم هێلکە قەتیس بووە بەتەواوی پێنەگەیشتوە، زۆر ناسك و بەهەست دەبێ، گەلێ جار لەپێش دا قۆڕییەکە پەیدا دەبێ، یا هەردووکیان پێکەوە دێنە خوارێ، بەدەگمەن لەپێشا هێلکەی گون بێتە خوارێ ئینجا پاش ماوەیێك ناوەرۆکی قۆڕییەکە بێتە خوارێ.

چارەی قۆڕی ئەشکنج (قۆڕی گون).

چاری قۆڕی پزیشکی پسپور بریاری دەدا، بەپێی قۆڕییەکە، یا بە پشتێنی تایبەتی TRUSS، یا بە نەشتەرسازی، بەڵام زۆری ئەم قۆڕییانە بە نەشتەرسازی چار دەکرێت.

قۆڕی ئەشکنج لە منداڵ دا.

iNGUiNAL HERNiA iN CHiLDREN.

ئەم قۆڕییە لە منداڵی نێرو مێدا زۆرە، لە منداڵی نێرینەدا ئەو قۆڕییەی توش دەبن بریتییە لەوەی پروسیسەس ڤاجینالیس VAGINALIS PROCESSUS بەچالاکی POTENT دەمێنێتەوە، لای راست زۆرترە وەك لای چەپ چونکە هێلکەی گونی لایراست درەنگتر دێتە خوارەوە بۆ ناوگون لەبەر ئەوە پروسیسەس ڤاجینالیس درەنگتر کوێر دەبێتەوە، بە چالاکی دەمینێتەوە بێئەوەی قۆڕی دەرکەوێت هەتا هۆیێك پەیدا دەبێ وەکو بەلەفیرە DiARRHOAE فراوان بوونی ریخۆڵەکان بەباوبژە، گریان وزریکەی زۆر و زرشانەوەو کۆکەرەشە.... هتد، یەکێك لەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی ریخۆڵە یا ئومینتوم بێتەناو تورەکەکەوە.

ئەگەر ئەم هۆیانەی لەسەرەوە ناوبران زوو چاربکرێن لەوانەیە قۆڕییەکە لە خۆیەوە چاك بێتەوە.

نەچونەناوەوەو خنکان لەم جۆرە قۆڕییانەدا زۆر کەمن.

چارەکردنی TREATMENT

لە منداڵی ساوادا لە سێ مانگ تەمەنی کەمتر بێت دەبێ قۆڕییەکە بگێڕرێتەوە ناوزگ، پارچەیێك خوری نەرمی بۆ تۆپەڵە بکرێت و بخرێتەسەریو بەبەسترێت.

لە منداڵی لە سێ مانگ گەورەتر یا بە پشتێن TRUSS ،یا بە نەشتەرسازی چاردەکرێت ئەگەر منداڵەکە بەرگەی بگرێت، بەڵام پشتێن بەدەگمەن چاری دەکات و دەبێت هەر نەشتەر سازی بۆ بکرێت.

قۆڕی پەناران

FEMORAL HERNiA

وشەی FEMUR بە لاتینی رانە، FEMORAL مانای هەر

شتێ پەیوەندی بەڕانەوە هەبێت.

ئەم قۆڕیە لە بەشی هەرە سەرووی ڕان دا نزیکی ئەشکنج پەیدادەبێت، لیرەش دا ئەلقەی ڕان FEMORAL RiNG کە سەرەتای قەنالی ڕانە FEMORAL CANAL لە نزیکی ئەشکنجەوە لە نشێویەکدایە، ئەم قەناڵە نزیکەی ٣و١سم درێژە: قۆڕی ڕان لەناو زگەوە بە ناو ئەم قەناڵەدا دێتەخواری هەتا دەگاتە FOSSA OVALiS کە بریتییە لەنشێوێکی هێلکەیی، لەو نشێویەدا دەردەپۆقێت، ئەم جۆرە قۆڕییە پاش قۆڕی ئەشکنج لە هەموو جۆرەکانی تر بلاوترو زیاترە، ئەم جۆرە لەو ئافرەت دا زۆرترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەلقەی ڕان گەورەترەو لەگەڵەش PELViS پانترو فراوانترە بەتایبەتی لەو ژنانەدا منداڵیان بووە.

ئەم قۆڕییە ئەگەر پچوك بێت بەئاسانی بەدەست دەخرێتەوە ناوزگ، ئەگەر زۆر گەورەبێت شۆر دەبێتەوەو بە ڕان دا دێتە خواری. ئەم قۆڕییە هێواش هێواش بێ‌ئازار پەیدا دەبێت، ئەگەر ژنەکە بەهێزو چالاك بێت هەتا چەند ساڵێك پێی نازانێ، قۆڕییەکە پچوکە بەزۆری بە بارستایی هێلکە کۆترێکە، لەوانەیە تەنیا پارچەیێکی پچوك ئومینتومی تێدابێت، یا بەشێك لە پێچێکی ڕیخۆڵە.

لە قۆڕی گەورەدا لەوانەیە چەند پێچێکی ڕیخۆڵەی تێدا بێت.

لەگەڵ قۆڕی ئەشکنج دا بە زەحمەت جیادەکرێتەوە بەتایبەتی لە ژنی قەڵەودا، تەنیا بەوەدا جیادەکرێتەوە ملی قۆڕی ئەشکنج لەسەروو نوکی ئێسکی بەرەوویە SPiNE OF PUBiS بەڵام ملی قۆڕی ڕان لەخواروو ئەو نوکەوویە.

چاری ئەم قۆڕییە، یا بە پشتێن، یا بە نەشتەرسازی دەکرێت، ئەوەش پزیشکی نەشتەرساز بڕیاری دەدا.

ترسی خنکان لەم قۆڕییەدا زیاترە وەك لە هی ئەشکنج، گانگرین زووتر دەست پێ‌دەکات. هەندێ جار خنکان دەخرێتە پشت گوێ چونکە قۆڕییەکە ئەوەندە پچوکە خۆی نازانێ قۆڕە، لەبەر ئەوە لە هەر نەخۆشێك دا نیشانەکانی ڕیخۆڵە گیران (بەربەست بوون) پەیدابوو پێویستە پزیشکەکە سەیری قەناڵی ڕان بکات.

قۆڕی ناوك

UNBiLiCAL HERNiA

سێ جۆرە قۆڕی ناوك هەیە:

١ - قۆڕی پەتی ناوك. HERNiA OF UMBiLiCAL CORD

٢ - قۆڕیی ناوکی منداڵ UMBiLiCAL HERNiA OF iNFANTS

٣ - قۆڕی ناوك لە گەورەدا UMBiLiCAL HERNiA OF ADULTS

١ - قۆڕی پەتی ناوك لە ئەنجامی تەواو یەك نەگرتنی هەردوو لای دیواری زگەوە پەیدا دەبێت، ئەگەر ئەو دەلاقەیەی پەیدا دەبێت پچوك بێت، ئەوا بە دوشەکۆڵەیێکی زۆر پچوکی نەرم بخرێتە سەر ناوك و بە پشتێنێك ببەسترێت چاك دەبێتەوە.

ئەگەر دەلاقەکە گەورە بێت قۆڕییەکە دەبێتە کیسەو لەسەر کیسەکەوە چینەکانی پەتی ناوك، پان دەبێتەوە. ئەگەر ئەم جۆرەیان چارکردنی دوابخرێت کوشندەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر حاڵەتی منداڵەکە باش بوو دەبێ بەگورجی نەشتەرسازی بۆ بکرێت.

٢ - قۆڕی ناوك لە منداڵ دا.

ئەم قۆڕییە پاش لەدایك بوون بە چەند هەفتەیێکی، یا بەچەند مانگێك دەردەکەوێت، ڕیخۆڵە لەو کونەوە دەمارەکانی ئاولەمەی پێدا تێپەڕ دەبێت دێتەدەرێ، ئەمە لە ئەنجامی ساڕێژ نەبوونی پیریتونیوم لەو جێگەیەدا ڕوودەدا، قۆڕییەکە بە ئاسانی دەخرێتەوە ناوزگ و بەئاسایی پێش پێ‌گەیشتن PUBERTY نامێنێ.

٣ - قۆڕی ناوك لە مرۆڤی گەورەدا.

ئەم جۆرە قۆڕییە لەو ژنە قەڵەوانەدا پەیدا دەبێت تەمەنیان لە ٣٥ ساڵان تێپەڕ بووە بەتایبەت ئەوانەی منداڵیان بووە، ئەم قۆڕییە لە ژنی لەڕو لاوزو نێرینەدا پەیدانابێت.

لەبەر کۆبوونەوەی چەوری‌و بەز لە ئومینتوم دا تەوژمی ناوزگ پتر دەبێت و ئەو چەوری‌یەی لە دیواری زگ دا کۆدەبێتەوە دەبێتە هۆی کشان و لێك دورخستنەوەی دەزولکەکانی چنراوە، پێ‌بەندەکانی ماسولکەکانی دیواری زگ، بەتایبەتی لە گۆشت پارەی ناوك دا UMBiLiCAL CiCATRX . لەبەر ئەم هۆیانە ئەگەر ئەو ژنە ئیشێکی گرانی کرد، یا بەحجەت بزوتەوە نەختێك لە پیریتونیومی دیواری زگ دەردەپۆقێتە دەرێ‌و کیسەی قۆڕی دروست دەکات.

دەری ئەم کیسەیە (کێلانەی قۆڕی) لە پێ‌بەندو ماسولکەکانی دیواری زگ پێك دێت.

پەیدابوونی ئەم قۆڕی‌یە هەمیشە لەوانەدا دەبێت کە زۆر قەڵەون و ماسولکەکانی زگیان بێ‌هێزو شل و خاو دەبن.

ناوەرۆکی ئەم قۆڕی‌یە بە زوری ئومینتومە بەلام هەندێکیان بەشێك لە کولونیان تێدایە (ڕێخوڵە ئەستورە)، کەمیان ڕێخوڵە باریکەیان تیدایە. ئەم قۆڕی‌یە هێواش هێواش گەورە دەبێت، بریتی‌یە لەئاوسانێکی خڕی لووسی بێ‌ئازار، هەندێ جار ئەوەندە زل دەبێت شۆڕ دەبێتەوە هەتا دەگاتە ناولنگ.

ئەم قۆڕی‌یە کە زۆر گەورە بوو، ئیتر ناگەڕێتەوە ناوزگ چونکە تورەکەی قۆڕی‌یەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەی‌دا پێکەوە دەلکێن، نەخۆشەکە هەست بە قورسی دەکات، هەندێ جاریش ئازاری دەبێ.

گیرانی (بەربەست کردنی) پیسایی DBSTRUCTiON لەو پێچە ریخۆڵەیەدا چۆتە ناو تورەکەوە لەم جۆرە قۆڕی‌یەدا لە هەموو جۆرەکانی‌تر پترترە ئەمەش دەبێتەهوی ڕشانەوە، باوبژە، گیراوی CONSTiPATiOn لە ئەنجام دا لەوانەیە ببێتە هۆی خنکانی قۆڕی‌یەکە.

چارەی ئەم قۆڕی‌یەش، یا بە پشتێن، یا بە نەشتەرسازی دەکرێت، ئەوەش پزیشکی پسپور بڕیاری دەدا بەپێی حاڵەتی نەخۆشەکە.

قۆڕی ناو پەنچك

DiAPHRAGMATiC HERNiA.

ئەم قۆڕی‌یە بریتی‌یە لە دەرچونی هەندێ لە هەناو لەناو پەنجکەوە بۆ ناوسنگ، ئەم قۆڕی‌یە کیسەی پریتونیومی نی‌یە، لەبەر ئەوە لەگەڵ قۆڕی‌یەکانی‌تر جیاوازە.

لەبەر ئەوەی جگەر لای ڕاستەوە ناوپەنچکی ڕاگرتوە، ئەم قۆڕی‌یە تەنیا لای چەپەوە ڕوودەدات کە گەدەو ڕیخۆڵەو کولون دەچنە ناو سنگی چەپەوە. دەرپۆقینی ئەم قۆڕی‌یە بۆ ناوسنگ لە یەکێ کونەکانی ناو پەنچکەوە دەبێت وەکو ئەو کونەی سورێنچکی ESOPHAGUS لێوە دەچێتە خوارێ، یا لە ناتەواوی‌یێکی زگماکەوە، یا لە دڕان و برینداری ناوپەنچکەوە.

گەورەیی ئەم کونە لە درزێکەوە هەتا دەگاتە نیوەی ماسولکەی ناوپەنچك. لەبەر ئەوەی گەدە هەمیشە لەم قۆڕی‌یەدایە، نیشانەکانی بریتین لە نیشانەکانی گەدە تێك چوون. . . . سەردڵ دەنیشێت، لای خواروی کەلەکەی چەپ بەرز دەبێتەوە، نیشانەی وەکو ئەو نیشانانەی با دەچێتە سنگەوە پەیدا دەبێت، قرەقر لە گەدەو ڕیخۆڵە پەیدا دەبێت، دڵ لە جێی خوی دەترازێت و دەبێتە هۆی دڵەکوتێ PALPiTATiON ، هەناسەسواری‌و نەتوانین لەسەر لای چەپ پاڵ کەوتن.

بەتیشکی ڕونتگەن گەدە، یا ڕیخۆڵە، یا هەردوکیان لەناوسنگ دا دەبینرێن.

ئەگەر ئەم قۆڕی‌یە لە پڕ پەیدابێت لەئەنجامی دڕانی ناوپەنچك دا بە هەر هۆیێکەوە بێت هەناسەسواری‌یێکی BREATHLESSNESS تەواو نەخۆشەکە دەگرێت، شین هەڵ دەگەڕێت لەگەڵ ئازارو قورسایی‌یێك لەسەر دڵ. . . . ئەمانە لەوانەن نەخۆشەکە بە زوویی بکوژن.

خنکانی ئەم قۆڕی‌یە نیشانەکانی وەکو هینەکانی بەربەست بوونی ریخۆڵە وان. چارەکردنی ئەم قۆڕی‌یە بە نەشتەرسازی نەبێ ناکرێت.

قۆڕی ورگ VENTRAL HERNiA

بریتی‌یە لە هەر قۆڕی‌یێك لە دیواری پێشەوەی زگ دا پەیدابێت جگە لە قۆڕی ئەشکنج و پەناڕان و ناوك.

گەلێك جۆرە قۆری ورگ هەیە، لەمانە

جیابوونەوەی راستەماسولکە

DIVARICATION OF RECTI

راستە ماسولکەکان RECTI MUSCLES دوو ماسو لکەن لە ئێسکی سنگەوە بەرەوخوار دەبنەوە هەتا دەگەنە ئێسکی بەر PUBIC BONE لە ناوەراستی زگ دان، پێکەوە نوساون، تەنیا کونی ناوك دەلاقەیەکە لەناویان دا کە ئەویش کوێر دەبێتەوە، هەندێ جار لە مەیانی ئەم دوو ماسولکەیەدا لەسەروو ناوکەوە دەلاقەیێك پەیدا دەبێ لە ئەنجامی باش یەك نەگرتنیان دا، ئەمەش بە زۆری لەمندالْ دا دەردەکەوێت، لەم دەلاقەیەوە قۆری دروست دەبێ بە هاتنە دەرەوەی پیریتونیوم پێچێك لە ریخۆڵە. کە مندالەکە گەورەبوو دەلاقەکە کوێردەبێتەوەو قۆرییەکە نامێنی. لە گەورەدا بە تایبەتی لەو ژنانەدا منداڵیان زۆر بووە، جیا بوونەوەی ئەم دوو ماسولکەیە دەلاقەیێك دروست دەکەن لە خوار ناوکەوە، لە جولانەوەدا، یا لە کۆکەیەکەوە لەم دەلاقەیەوە قۆری دەردەپۆقێت کە بە ئاسانی بە دەست دەخرێتەوە ناوەوە.

ئەم جۆرە قۆرییە نەخۆشەکە بێزار دەکات، لەبەر ئەوەدەبێ بە پشتێن بەربەست بکرێ، ئەگەر ئازاری هەبوو پێویستە بە نەشتەرسازی چاربکرێت.

قۆری لە هێڵی سپیدا

HERNIA IN THE LINEA ALBA.

ئەم قۆرییە بە گشتی لە یەکەم سێ ئینچی سەروو ناوك دا دەبێت لەبەر ئەوە پێی دەڵێن قۆری سەردلْ EPIGASTRIC HERNIA بەزۆری لەو نێرینانەدا روودەدا، تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ زیاترەو پیشەی گرانیان هەیە (ئیشەکانیان قورسە). ئەم جۆرە پچوك دەبێت و هیچ نیشانەیێکی تری نابێ بەلاّم لە هەندێ کەس دا نەختێ ئازاری دەبێ، ئەم ئازارەش بە نەخۆشی گەدە دەزانرێت.

خنکانی قۆرییەکە لەوانەیە لەپر پەیدابێت و بەگورجی بێ بە هۆی گانگرینی ئەو پیچە ریخۆڵەیەی لەناویایەتی.

ئەمەش دەبێ بە نەشتەرسازی چاربکرێت.

قۆری لە گۆشت پارەی دیواری زگ دا

HERNIA IN RELATION TO CICATRIX OF ABDOMINAL WALL

لە هەر جێیێکی دیواری زگ دا گۆشت پارەیێك SCAR هەبێت لە ئەنجامی دومەڵ و کێم کردنی دیواری زگ SUPPURATION وەیا برینێك، یا هەندێ جار لە گۆشت پارەی نەشتەرسازیدا وەکو زگ هەڵ درین بۆ ریخۆڵە کوێرە APPENDICITIS . . . . . هتد.

ئەم قۆرییە پەیدادەبێت بەزۆری لە خوارناوکەوە روودەدا. ئەم جۆرە قۆرییە لە کاتێك دا نەخۆشەکە هەستا، یا کۆکی، یا ئیشێکی قورسی کرد دەردەپۆقێت. . . . لەوانەیە زۆر گەورەبێ و نیشانەی بێهێزیو لاوازیو گەدەو ریخۆڵە تێك چوون دەرکەوێت.

لە پاڵ کەوتن دا قۆرییەکە دەگەرێتەوە ناوزگ، لەبەر ئەوەی کونی ئەم قۆرییە گەورەیە خنکان روونادا. چارەشی بە نەشتەرسازی دەکرێت.

قۆری لە کەمەردا

LUMBER HERNIA

لە دوا پەراسوی سنگەوە هەتا دەگاتە قەراغی ئێسکی لەگەنە CREST OF ILIUM ، لەم لاو ئەو لای زگ قۆری کەمەرە پەیدا دەبێت، لە نێرینەدا زیاترە وەك لە مێینە، بە زۆری لای چەپەوە دەردەکەوێت، دەرپۆقینەکە نەرم و خزە، بە ئاسانی دەچێتە ناوەوە، زۆر کەم لەم قۆرییە لەوانەیە ناچێتە ناوەوە، هەندێ جار تووشی خنکان دەبێت.

قۆری کەمەر بەدەگمەن دەبێتە هۆی نارەحەتی، چاریشی یا بە پشتێن، یا بە نەشتەرسازی دەکرێت.

قۆری سەرەتای ریخۆڵە ئەستورکە (کولون).

HERNIA OF THE CAECUM.

ئەم قۆرییە بە زۆری دەچێتە گونەوە، لە جیاتی ریخۆڵە باریکە نەختێك لە سەرەتای ریخۆڵەگەورە دەچێتە تورەکەی قۆرییەکەوە، گەلێکی لای راستەوە پەیدا دەبێ هەرچەندە هەندێ جاریش لای چەپەوە روودەدا، جاری واش هەیە لە پەناران دا دەبێت بە تایبەتی لە ژنان دا.

نیشانەکانی وەکو نیشانەکانی قۆڕیتری گون وایە، هەندێ جار ئەم قۆڕییە ناگەڕێتەوە ناوەوە بەڵام خنکان دەگمەنە، چاری ئەم قۆڕییەش، دەبێت هەر بە نەشتەرسازی بکرێت.

قۆڕی گەرادان HERNiA OF THE OVARy

لەم جۆرە قۆڕییەدا جگە لە گەرادان گەلێ جار بۆرییەی فالوپی تێدایە FALLOPiAN TUBE هەندێ جاریش ڕیخۆڵە یاثومینتومیشی لەگەڵدایە.

لە منداڵ دا لە قەناڵی ئەشکنج دا iNCUiNAL CANAL یا لە ئەڵقەی دەرەوەیدا هەست بە گەرادان دەکرێت وەکو ئاوسانێکی پچوکی، لووسی درێژکۆڵەی ڕەق، کە دەستی پێدا بنرێت لەژێر دەست دادە خلیسکێت، وە هەست دەکرێت بە پەتێکەوە نوساوە (بۆرییەی فالوپ)، ئەم قۆڕییە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکەدا نامێنێ لە گەورەدا بە زەحمەت گەرادان بناسرێتەوە، چونکە تۆپەڵێك دروست دەکات وەکو ئومینتومی پێوەلکاو وایە، لەوانەیە بئاوسێت و ئازاری بێ بەتایبەتی لە کاتی بێنوێژیدا (عوزر) MENSTRUAL PERiOD ئەم قۆڕییە بە نەشتەرسازی چار دەکرێت، ئەگەر گەرادان ساغ و ئاسایی بوو دەخرێتەوە جێی خۆی (ناوزگ) خۆ ئەگەر نەخۆش بوو، وە نەتوانرا بخرێتەوە ناوزگ ئەوا دەبڕرێت.

قۆڕی میزڵدان

HERNiA OF URiNARy BLADDER - CySTOCELE

ئەم قۆڕییە هەرچەندە زۆر کەمە بەڵام لە گەورەو پچوك دا ڕوودەدا، وە بە زۆری لەگەڵ قۆڕی ئەشکنج دا دەبێت. سێ جۆرە قۆڕی میزڵدان هەیە بەپێی پەیوەندی میزڵدانەکە لەگەڵ پیریتونیوم دا.

١ ـ لە دەری پیریتونیوم دا EXTRA PERiTONiAL میزلدانەکە دەکەوێتە تەنیشت تورەکەی قۆڕییەکە.

٢ ـ لەناو پیریتونیوم دا iNTRA PERiTONAL ئەو بەشە میزڵدانەی دەچێتە ناو کیسەی قۆڕییەکەوە بە تەواوی بەپیرتیونیوم داپۆشراوە.

٣ ـ لە تەنیشت پیرتیونیوم PARA PERiTONiAL لەمەدا دیواری ناوەوەی تورەکەی قۆڕییەکە بریتییە لەو پیریتونیومەی بەشی پشت و تەنیشتی میزڵدانی داپۆشیوە.

ئەم جۆرە قۆڕییە لە ئەنجامی میزگیران دا پەیدادەبێت، کە میز گیرا، میزڵدان دەکشێت و فراوان دەبێت، یاخود لەوانەیە لە میزڵدان تورەکەی پچوك دروست ببن، ئەم تورەکەیە شان بەشانی تورەکەی قۆڕی دەردەپۆقێت.

هەندی جار لە ئەنجامی نەشتەرسازی قۆڕییەوە پەیدادەبێت بەوەی پارچەیێك لە میزڵدان بە هەڵە ڕادەکێشرێتە قەناڵی ئەشکنجەوە.

ئەم جۆرە قۆڕییە لەپێش نەشتەرسازیدا زۆر بەزەحمەت دەناسرێت بەڵام هەندێ جار دەبێ شکی لێبکرێت ئەگەر هەر نیشانەیێکی نەخۆشی میزڵدان دەرکەوت وەکو لە کاتی میزکردن دا نەخۆشەکە گونی خۆی دەگوشێت، یاخود کە گونی خۆی گوشی ئارەزوی میزکردنی دەبێت.

هەندێ جار کە نەخۆشەکە میز تاوی دەدا قۆڕییەکە گەورەتر دەبێ، پاش میزکردن پچوك دەبێتەوە.

لەو ژنانەدا منداڵیان زۆر دەبێت هەندێ جار قۆڕی میزڵدان دەردەپۆقێتە ناو بۆری زێ VACiNAL CySTOCELE هەمان جۆرە قۆڕی لەوانەیە لە کۆم دا پەیدابێت RECTAL CySTOCELE گەلێك جۆرە قۆڕیتر هەیە وەکو قۆڕی مێشك. کە مێشك لە کەللەی سەرەوە دەردەپۆقێت، قۆڕی دوانزە گرێ، قۆڕی بەز کە بەزی پشت دیواری زگ دێتە دەرێ و گەلێ جۆرە قۆڕیتر بەپێویست نەزانرا باس بکرێن.

د. ئەورەحمان

(١) پیریتونیوم PERiTONEUM پەردەیێکی قایمی، بێڕەنگی لوسە، دیواری زگ لەناوەوە دادەپۆشیت و گەلێك لە ئەندامەکانی هەناویش دادەپۆشیت.

(٢) GRET OMENTUM ئۆمینتومی گەورە. ئومینتوم بریتییە لە قەدبوونی FOLO پیریتونیوم، لە گەدەوە دەروات بۆ ئەندامەکانی تر. ئومینتومی گەورە، قەدیکی ئومێنتومە بە گەدەوە نوساوەو بەرەوخوار دەبێتەوە کولونی پانەکی TRANSVERSE COLON دادەپۆشێت.

سەرچاوە:

ئەم باسە لە کتێبی MANUAL OF MiLE'S-AND WiLKiE AURGERy By THOMAS بە دەست کاریو کورت کردنەوەوە وەرگیراوە.

حول مرض الفتق

الدكتور عبدالرحمن عبدالله

ورد في الكتابات باللغة الكردية وصف بعض الأحاديث المملة أو التافهة بالفتق وكأنّ حالة الحديث تشبه حالة المريض الذي يعاني من هذا المرض الذي كان خفياً في الماضي أو يخفيه المريض عن الناس.

والفتق هو خروج الأحشاء من خلال شق أو فتحة أو تمزق وتجمعها بصورة واضحة ويتكون من ثلاث طبقات هي: ١ ـ الكيس ٢ ـ الغطاء ٣ محتويات الكيس، وله أنواع أربعة هي ١ ـ المرجع الى الداخل ٢ـ غير المرجّع الى الداخل ٣ ـ المحصور ٤ ـ الخانق. ولايقتصر الفتق على منطقة واحدة من الجسم فهناك الذي يصيب الطرفين السفليين من البطن Ingunal Hernia وهناك الفتق الموروث Con gental Hernia والفتق الذي هو الخصيتين في داخل البطن Hern:ia with retenti o of the testi والفتق الذي يصيب خلف الفخذ fomoral Hern ia والسرّة unleilical Hern ia والفتق الذي يصيب الحجاب الحاجز D iaphra gmatic Hern ia والفتق الذي يصيب المعدة V entral Hern ia والخاصرة والخط الأبيض والكولون والمبيض والمثانة وغير ذلك من مناطق الجسم.

ويصيب المرض الرجال والنساء والأطفال. وفي هذا المقال شرح لهذه الحالات والأشكال من المرض مع بيان أسباب حدوثها وفي المقال تنوير ببعض خفايا المرض وطرق محافظة الجسم من شروره. علماً بان محتوى المقال العلمي ملخص عن كتاب Miles and wiLkie M amual of Aur gery لمؤلفه (Tho mas)